پەروەردە

زانست

نوێخوازی

# ئاڤێستا
Avêsta

بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیری گشتی مانگانەیە یەکێتی خوێندەڤانانی نەتەوەیی کوردستان YXNK دەریدەکات

ژمارە (٣٥) ٢١ی سەرماوەزی ٢٧٠٥کوردی ١٢ی کانوونی یەکەم ٢٠٠٥


**یەکێتی خوێندەڤانانی نەتەوەی کوردستان YXNK دەنگ بەلیستی هاوپەیمانی کوردستان دەدەن کەژمارەکەی (٧٣٠)**

بەهۆی باردۆخی ناسکی کوردستان و ملاملانێی سیاسی و پایەی کورد لە پەرلەماندا یە هەڵوێست بین بۆ وەدەست هێنانی مافەکانی گەلی کورد تا دەنگی کورد پەرش و بڵاو نەبێتەوە بۆیە بڕیارماندا دەنگ بەلیستی هاوپەیمانانی کوردستان بدەین

**مەکتەبی سکرتاریەتی**
YXNK

# ئەمساڵ هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی (قوتابیان ـ خوێندکاران) ئەنجام دەدرێت و فیدراسیۆن ئەکتیف دەکرێتەوە

## دوو رێکخراوەکە پێش کۆبوونەوەکە بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردنیان دابوو سووکە پرسێکیان بە رێکخراوەکانی تر کرد

**تایبەت بە ئاڤێستا**

رۆژی ٢٠٠٥/١٢/٥ لە نێو هۆڵی شەهید مەئمون دەباغ لە سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، بە ئامادەبوونی دوانزدە رێکخراو کۆبوونەوەکە بەرێوەچوو دوو رێکخراو ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبوو، سێ تەوەری گرنگ باس کرا هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی خوێندەڤانان و ئەکتیف کردنی رۆڵی فیدراسیۆن و هەڵبژاردنی گشتی عێراق و رۆڵی رێکخراوەکان ئەم کۆبوونەوەیە دوا بە دوای ئەوە هات کە لەشاری سلێمانی ٢٠٠٥/١٢/١ بەرێوەچوو کەلەم کۆبوونەوە پشتگیری تەواو بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان دوپات کرایەوە.

لەم کۆبوونەوەی شاری هەولێر بڕیاری گرنگ درا بۆ ئەکتیف کردنی فیدراسیۆن کۆبوونەوەیەکی گرنگ دانرا لەشاری سلێمانی بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ کۆنفرانسی فیدراسیۆن و هەڵبژاردن هەروەها فیدراسیۆن پشتگیری بۆ هەڵبژاردنی عێراق دەربڕی و بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی ئەمساڵ بیرو بۆچوونی جیاواز هەبوو بەڵام زۆرینەی رێکخراوەکان لەگەڵ ئەنجام دانی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی بوون تا هێزێک بخرێتەوە بەرخوێندەڤانان.

## بەکارهێنانی ماددەی بێ هۆشکەر لەلایەن هەندێ خوێندەڤانەوە

کێشانی تلیاک بەکارهێنان سیکۆتین وشروبی توسیرام و چەندمادەیەکی تری بێهۆشکەر لەناو خوێندنگای سەرەتایی ناوەندیەکانی شاری رانیە بڵاو بۆتەوە، چوار خوێندەڤانیش دانیان بەوەداناوە، بۆ هەمان مەبەست بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی رانیە کۆبوونەوە لەکەڵ سەرجەم بەرێوەبەری خوێندنگاکان دەکات و لەم مەسەلە ئاگادار دەکاتەوە بۆ رێگەگرتن لەم مەسەلەیە و ئاسایشی رانیەش بەووردی بەدوای ئەم مەسەلەیە داچووەو بڕیار وایە هیچ مادەیەک لەلایەن دەرمان خانەکانەوە نەفرۆشرێ بەبێ وەرەقەی دکتۆر ئەوەی جێگەی سەرنجە خوێندەڤانەکی (٧) ساڵان لەم مەسەلەیەدا هەیە.

## هەولێر... خوێندەڤانان بەئاهەنگی زەکەریا عەبدوڵڵا دلخۆش بوون

رۆژی ٢٠٠٥/١٢/٧ لەنێو پارک ئاهەنگێکی قەشەنگ بۆ هونەرمەندی دوورە وڵات (زەکەریا عەبدوڵڵا) سازکرا.

بە ئامادەبوونی زۆرێک لەخوێندەڤانانی کۆلیژو پەیمانگاکان ئاهەنگێک سازکرا بووەمایەی دلخۆشی خوێندەڤانان ئەم ئاهەنگە یەکێتی قوتابیانی کوردستانی رێکی خست بووهاوکاتە لەگەڵ ئەنجام دانی هەڵبژاردنی عێراق بەرپارە لە٢٠٠٥/١٢/١٥بەرێوەبچێ تاوەکو هاندەرێکی بەهێز بێ بۆ بەشداریکردنی گەنجان و خوێندڤانان لە پرۆسەی هەلبژاردن و سەرکەوتنی لیستی کوردی تامافەکانمان بەرجەستە بێ.

## خوێندەڤانانی کوردی زانکۆی تاران کردەوەکانی ئەم دواییەی حکومەتی ئێران لە کوردستان مەحکوم دەکەن

بەسەدان لە خوێندەڤانانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە زانکۆی تاران، رۆژی یەک شەممەی رابردوو لە میانەی خۆ پێشاندانێکدا، کردەوەکانی ئەم دواییەی دەزگاکانی ئاسایشی ئێرانیان لەشارەکانی کوردستان مەحکوم کرد.

خوێندەڤانانی کوردی زانکۆی تاران بەسەردانی چەندین دروشم وەکو «رەشەکوژی لە کوردستان بوەستێ» مافی چارەی خۆنووسین بۆ کوردستان» ئازادی بۆ زیندانیانی سیاسی» بۆ ماوەی کاتژمێرێک لەبەردەم زانکۆی تاران خۆپیشاندانیان سازاد و لە بەیاننامەیەکدا داوایان کرد: مافی چارەی خۆنووسین بۆ کوردستان بەرەسمی بناسرێت، بەهۆی کردەوەکانی ٢٧ ساڵی رابردوو حکومەتی داوای لێبوردن لە جەماوەری کوردستان بکات، چالاکی کرێکاری و رۆژنامەنووسان ئازاد بکرێن.

هەروەها خوێندەڤانانی کورد داوایان کرد کە تاوانبارانی کوشتنی «شوانە قادری» و «شێرکۆ ئەمینی» داداگایی بکرێن.

شایانی باسە کە خوێندەڤانانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران لەو خۆپیشاندانەدا بەشدارێکی بەرچاویان کردبوو.

## رانیە... رێگا لە خۆپیشاندان دەگیرێت

ـ خوێندەڤانانی شەشەمی زانستی خوێندنگای (٥)ی ئازار لە رانیە لە رۆژی ١٢/٤ بەنیازی خۆپیشاندان و رێپیوان بوون لەبەرئەوە وەک خوێندنگایەکەیان مامۆستای پێویستی هەیەو پارەیان لێ وەردەگرێت بۆ ئەوەی (مەحازەر) یان هەبێ و ئاویشیان نیە دەرگاو پەنجەرەی خوێندنگاکەشیان چاک نەکراوەتە، بەلام بەرێوەبەری خوێندنگای (٥)ی ئازار رێگەی بە رِێپیوانەکە نەداوە و بیانوی ئەوەی هێناوەتەوە نەوەکو کاری تیرۆریستی بکرێت.

## لەبەر گەندەلی دەستی لەکار کێشایەوە

**ئاڤێستا ـ رانیە**

ـ یاریدەدەری کارگێری مەڵبەندی مامۆستایانی رانیە (م. خەلیل) بڕیاری دەست لە کارکێشانەوەی داوە بەپێی ئەو نامەی ئاراستەی وەزارەتی پەروەردەی کردوە تێیدا هاتووە (من لەبەر زۆری گەندەڵی لەناو ئیدارەی پەیمانگا واز دەهێنم و هەرکەسێکیش دەڵێ گەندەڵی نیە ئامادەم رووبەڕوی ببمەوە.

## خوێندەڤانانی بەشی زمانی فارسی لە دوای مان گرتن رێپێوانێکیان سازکرد

**هەولێر ـ ئاڤێستا**

خوێندەڤانانی کۆلیژی زمانی ، بەشی زمانی فارسی لە زانکۆی سەلاحەدین لە دوای مان گرتنەکەیان خۆپیشاندانێکیان رێک خست بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان.

هەموو ساڵێک لە کاتی دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن بەڵێنی ئەوە بەخوێندەڤانەکان دەدەن کە گەشتی زانستیان بۆ رێک بخرێت لە وولاتی ئێران کەماوەی (١٥) رۆژ بخایەنێ هەموو ساڵێک ئەم دەنگۆیە بڵاو دەکرێتەوە تا خوێندەڤانانی قۆناغی یەکەم تەنازول نەکەن بۆ بەشەکانی تر. ئەمە جگە لەوەی چواردەستە خوێندەڤان دەرچووە بێ ئەوەی گەشتی زانستیان بۆرێک بخرێت، بۆیە خوێندەڤانانی ئەم ساڵ زۆر بوێرانە دەستیان بەمان گرتن کردووە ماوەیەکە یاداشتێکیان ئاراستەی زانکۆی سەلاحەدین کردووە تاکو ئێستا وەڵام نەدرایتەوە.

## لە کۆلیژی ئاداب بەشی راگەیاندن دەکرێتەوە

سەرچاوەیەک بە ئاڤێستای راگەیاند لەزانکۆی سەلاحەددین لەکۆلیژی ئاداب بەشی راگەیاندن دەکرێتەوە، هەمان سەرچاوە باسی لەوەش کرد کەوا پرۆگرام ئامادەکراوەو لەگەڵ پێداویستییەکان تەنها لەسەر ئەوە ماوە کە خوێندەڤانان لێوەرگیرێت و دەوامی فەرمی دەست پێ بکات.ئەم بەشە لەسەر داوای زۆرێک لەخوێندەڤانان کرایتەوە تاوەکو خزمەت بەراگەیاندنی کوردی و پێگەیاندنی پسپۆڕی راگەیاندن لەکوردستاندا خوێندەڤانانیش بەوە دلخۆشن کەئەمڕۆ زۆرێک لە گەنجان خولیای راگەیاندنن،بەشێوەیەکی سەرکەوتوو کاری خۆیان دەکەن.